

## گواردیۆلا:

# هیچ یاریزانێک لە بەرشلۆنە گەورەتر نییە

گواردیۆلا پیاوی ئەو کات و ساتەی تۆپی پێی جیهانە ئەم ناوەش لە بۆشایی نەهاتووە سەرەڕای بچووکی تەمەنی کە (٣٨) ساڵە و بە بچووکترین راهێنەر لە مێژووی تۆپی پێیە دەژمێردرێت و ئەمە یەکەمین ساڵیەتی لە کارەکەی، گواردیۆلا یاریزانی پێشووی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بوو لە وەرزی ئەمساڵ توانی نازناوی سێ کوچکە بە دەست بهێنێ کە بەرشلۆنە لە مێژووی بە دەستی نەهێناوە، لە وەرزێك خولی یانەکانی ئەورووپا و خولی ئیسپانیا و جامی ئیسپانیا بباتەوە کە یانەی ریال مەدرید لە کاتی زێڕینی نەیتوانیوە ئەم دەستکەوتە وەربگرێ، ئەو کاتەی کە یاریزان بووە لە بەرلشۆنە هۆڵەندی یۆهان کرۆیف کاپتنی ئەو یانەیە بووە و بە تیپی خەونەکان ناوزەند کراوە، ئەم راهێنەرە سەلماندی کە کاری راهێنەرایەتی بە گەورە و بچووکی نییە و یانەکانی دیکەی هۆشدار کردەوە کە چی دیکە بە دوای راهێنەرانی پرچ سپی نەکەون چونکە لای چاودێران ئەوانە خاوەن ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی زۆریان لەسەر ئەم کارە هەیە، گواردیۆلا لە کارەکەی دیکتاتۆر نییە و حەزی لە کاری بە کۆمەڵە بۆیە بە بەردەوامی پرس بەوانە دەکات کە لەگەڵیندا کار دەکەن، گواردیۆلا وای بۆ ئەندامانی تیپەکەی کردووە کە وەك خێزانێك مامەڵە لەگەڵ یەکدی بکەن و رەفتاری باش بنوێنن لە ناوەوە و دەرەوەی یاریگا بۆیە گۆڤاری سوپەر توانی بگاتە شوێنی حەوانەوەی و ئەم دیمانەی لەگەڵ سازدا.

*** هەستت بە چی کرد ئەو کاتەی راهێنەرایەتی یانەی بەرشلۆنەت پێ سپێردرا؟**

- سەرەتا دڵنیا نەبووم کە بەرپرسانی ئەو یانەیە متمانەیەکی تەواویان بەمن هەیە لەوانە سەرۆکی یانە خوان لاپۆرتا و یاریدەدەرەکی و بەرپرسانی یانە کە ماوەیەکی زۆرە ئەو کارە دەکەن و خاوەن ئەزموون لە کار و ئابووری سەرکەوتنی ئەوانیش لە وەرگرتنی ئەم جۆرە بڕیارانەیە و کەسی تایبەت هەڵدەبژێرن.

*** سەرچاوەی ئەو متمانەیە چییە کە بە تۆیان داوە؟**

- ئێمە هەموومان لەو یانە جوانە بەوەوە ناسراوین کە وەکو خێزانێك کار دەکەین و متمانەمان بەیەکەوە زۆر بەهێزە، من لە یەکەم رۆژی کارەکەم زانیم متمانەیەکی زۆریان بە من هەیە و منیش زانیارییەکی تەواوم لەسەر تۆپی پێی ئەو یانەیە هەبوو.

*** ئایا دوو دڵ نەبوویت لە وەرگرتنی ئەم کارە؟**

- مۆڵەتێکی کورتم بە خۆدا بۆ بیرکردنەوە و وەرگرتنی بڕیارێکی گونجاو هەموو لایەنێکی لای خۆم شیکردەوە و سەیری کاری باش و خەراپی ئەو یانەیەم کرد خاڵە لاواز و بەهێزەکانم دەستنیشانکرد و بڕیارمدا ببمە راهێنەری ئەو یانەیە.

*** ئایا هەستت بەوە کرد کە تۆ ئەزموونێکی وات نییە یانەیەکی گەورە بە قەبارەی بەرشلۆنە وەربگریت؟**

- هاوینەی رابردوو تەمەن (٣٧) ساڵ بووم خاوەنی ئەزمونێکی باش نەبووم کەچی گەر تەمەنم (٤٥) ساڵ بوایە ئەزموونەکەم گەورەتر دەبوو، بەڵام دەمزانی چۆن کارەکانم بەڕێوە دەبەم روون و ئاشکرایە سەرەتا وەکو هەموو راهێنەرێك داوای ئەنجامم لێدەکەن و پاڵەپەستۆیەکی زۆریان لەسەر بوو کە لە نزیکەوە ئاگاداری کارەکانیان بووم و ماوەی (٢٠) ساڵ وەکو یاریزان کارمکردووە و بۆیە ئەم کارە لای من شاراوە نییە.

*** چۆن مامەڵەت لەگەڵ ئەو کەسانە دەکرد کە رەخنەیان لێ دەگرتی کە ئەو کارەت وەرگرت؟**

- باش لێیان تێگەیشتبووم کە ترسیان لەو بڕیارە هەبوو و هەستیان بەوە دەکرد کە من بۆ کارە شیاو نییم، بەڵام من بڕوام بەخۆم هەبوو دەشمزانی ئەو رەخنانە دوای چەند هەفتەیەك نامێنێ.

*** بە رای تۆ دەستنیشانکردنت لە شوێنی خۆی بوو؟**

- بروام وابوو کە ئەو بۆندەم بۆ هات بۆ ئەوە نەبوو من وەکو راهێنەر دەستکەوتنم هەبێ و یان بتوانم بە ساڵێك دەستکەوتیان بۆ وەربگرم، من سەرکەوتوو بووم کە ماوەی ساڵێك لەگەڵ تازەپێگەیشتووان کارمکرد، بۆیە دەڵێم دەستنیشانکردنم بۆ ئەو مێژووە پڕشەنگدارەم دەگەڕێتەوە کە یارییم بۆ ئەو یانەیە کردووە.

*** شێوازی مەشق و راهێنەریت چییە؟**

- حەز دەکەم هەر لە سەرەتاوە یانەکەم کۆنترۆڵی یاریگا بکات و قسەی خۆیان بکەن من لەگەڵ شێوازی یاری هێرشبردنم و هەردەم بیر لەوە دەکەمەوە کە یاریزانان یاری بگوازنەوە ناوەڕاستی یاریگای تیپی رکابەر.

*** سەرپەرشتی چەندین یاریزانت کرد کە پارساڵ رەخنەیەکی زۆریان لەسەر بوو، ئایا توانیت کۆنترۆڵی ئەمە بکەیت؟**

- گومان لەوە دا نەبوو کە دەمزانی بە وەفاییی یاریزانان بۆ یانەکەیان لە ورەخنانە گەورەترە و دەتوانن بەسەریدا زاڵ بن و پەیوەندی نێوانیان بەهێزتر بێت، منیش رێگا بەو کەسانە نادەم کە خۆیان لە یانە بە گەورەتر دەزانن و لێبووردەییم لەگەڵ ئەو کەسانە نابێت و تیپەکەشم بە قوربانی تاکە کەسێك ناکەم و ئەوەی وەفادار نەبێت شوێنی لای ئێمە نابێتەوە.

*** هەستت بە چی کرد کە ئەو کارەت وەرگرت و یانەکەت دەستبەرداری باشترین دوو یاریزانی وەکو دیکۆ و رۆناڵدینهۆ بوو لە هەمان کاتیشدا ساموئیل ئیتۆش پێکانی هەبوو؟**

- لە لای منە هەموو یاریزانەکان لە وەرزی رابردوو لە



بەرزترین ئاستدا بوون، بە رای من یانەکەمان خاوەن تیپێکی زۆر باش و بەهێزە و هەموو راهێنەرێکیش ئاواتی ئەوەیە ببێتە راهێنەری یانەیەکی وەکو بەرشلۆنە کە خاوەن یاریزانانی وەکو میسی و هینری و بۆیان چەندین یاریزانی بێت، دەپرسم راهێنەر چی دەوێ کەلەم جۆرە یاریزانانەی هەبێت و گومانی لە ئاستی یانەکەی دەبێت.

*** چاودێران دەڵێن ئەوەی بە دەستتان هێنا گەورەترین دەستکەوتە لە مێژووی بەرشلۆنە تۆ چی دەڵێیت؟**

- دەتوانم بڵێم وەرزی رابردوو باشترین وەرزی یانەی بەرشلۆنە بووە لە بەدەستهێنانی پاڵەوانتیە گەورەکان، گەر سەیری مێژووی ئەو یانەیە بکەین دەبینین کە زۆرترین پاڵەوانیەتی لەژێر دەستی چەندین راهێنەران وەرگرتووە ئێمە بە بیرو شێوازێك یاری دەکەین کە پێشتر یۆهان کرۆیف و یاریدەرەکەی شارلی ریکیتش دایان ریشتبوو، ناتوانم بڵێیم ئێستا یانەکەمان باشترین یانەیە، بەڵام بە دەستهێنانی سێ نازناو لەیەك وەرزدا شانازییەکی بێ وێنەیە ئەمەش باشترین پاداشتە بۆ ئێمە.

*** لە کۆتایی پاڵەوانیەتی یانەکانی ئەوروپا بە ئاستی یانەی مانچستەر یۆنایتد سەرسام نەبوویت؟**

- بەهیچ جۆرێك ئاوا بیرم نەدەکردەوە کە کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە سەرەتاوە بەو هێزە یاری بکات و پاڵەپەستۆ بخاتە سەرمان، لە خولەکانی یەکەم هەڵێکی زێرین بۆ مان یۆنایتد رەخسا بۆ گۆڵ تۆمارکردن، بەڵام نەیانتوانی دوای ئەوان ئێمە هەڵمان بۆ رەخسا لە کاتێکی کورتدا گۆڵمان تۆمار کرد و دواتر کارمان لەسەر میسی کرد کە لە دواوەی هێڵی ناوەڕاست بتوانێ بەسەربەستی یاری بکات و پارێزگاری لە تۆپ بکات و پلانی سەرەکی من ئەوەبوو ئێمە بتوانین زیاتر تۆپ لای خۆمان بێت و کۆنترۆڵی ناوەڕاست بکەین.

*** میسی کاریگەرییەکی تەواوی هەبوو گۆڵی دووەمی تۆمارکرد کە زۆر گرنگ بوو، چۆن توانی شێوازی یاریکردنی بەرەو پێش ببات؟**

- بردنەوەی هیچی لای من نەگۆڕی نابێ ئاستی میسی لەبیر بکەین و لە هیچ یارییەکیش دەستبەرداری نابین و لە هەموو یارییەك لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئاستی بەرزە و باشترین یاریزانە لە جیهان.

*** هۆکاری سەرکەوتنتان لە یاری کۆتایی لە رۆما بەسەر یانەی مانچستەر یۆنایتد چی بوو سەرەڕای ئەوەی لە وەرزی رابردوو لە قۆناغی پێش کۆتایی دۆڕاندتان؟**

- لە رێگای ڤیدیۆ بە تێروتەسلی یاری پێشوومان لەگەڵ مانچستەر یۆنایتد شیکردووە و بۆم دەرکەوت کە میسی چ پاڵەپەستۆیەکی لەسەرە و چاودێری تەواو دەکرێ بۆیە بریارمدا میسی لە دواوەی هێرشبەران یاری بکات لەبەر ئەوەی شێوازی یاریکردنی و تێگەیشتنی لەگەڵ یاریزانان شاڤی و ئەنێستا زۆر باش بوو بەم شێوازەش توانیمان یاریکەرێکی دیکە بۆ تیپەکەمان زیاد کرد.

*** یاریت بە ئەنێستا کرد سەرەڕای ئەوەی پێکانی هەبوو کە لە جەولەی پێش کۆتایی بەرامبەر یانەی چێلسی، ئایا توانای جەستەیی وەك پێویست نەبوو بۆیە پێش کۆتایی یاری گۆڕیت؟**

- لە یاریگا دەرمهێنا چونکە ماندوو بوو و بە چەپڵە رێزان لە لایەن جەماوەر پێشوازی لێکرا چونکە ئاستێکی سەرسوڕمێنەری پێشکەشکرد و گەر هاتوو توانای جەستەیی (١٠٠٪) بووایە ئەوا باشترین ئاستی پێشکەش دەکرد لە ژیانی، متمانەیەکی تەواو پێی هەبوو کە دەتوانێ یاری بکات و ئاستێکی بەرز نیشان دەدات تەنیا داوام لێکرد کە زۆر بەهێز شوت لە تۆپ نەدا بۆ ئەوەی پێکانەکەی دووبارە نەبێتەوە.

*** ئایا لە وەرزی داهاتوو ئەم دەستکەوتانە دووبارە دەبێتەوە؟**

- دەمەوێ لەسەر ئەم بەرنامەیە بەردەوام بم بە ئاستێکی بەرزتر و جارێکی دیکە لە یاری کۆتایی بەشداری بکەین، بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ رکابەرەکی دیکە، ئەوەی منی خۆشحاڵ کردووە شێوازی یاریکردنمانە، ئێمە لە یاریکردن ناترسین و ترسنۆك نینە و توانمان هەیە بەردەوام بین، مانچستەر یۆنایتد باشترین یانەیە لە جیهان و سەرکەوتنمان بەسەریان تۆمار کرد گرنگترین بەڵگەیە کە ئێمە دەتوانین دەستکەوت بە دەست بهێنین.



**گواردیۆلا کێیە**

**ناو:** جوسێپ گواردیۆلا
**رۆژی لە دایکبوون:** لە (١٨-٧-١٩٧١)
**شوێنی لە دایك بوون:** سانتپیدرۆ – ئیسپانیا
**شوێنی یاریکردن:** هێڵی ناوەڕاستی پێشوو
٤٧ یاری لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا کردووە و (٥) گۆڵیشی تۆمار کردووە.

عەدنان درجال یاریزان و ڕاهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی عێراق بۆ گوڵان:

# پاڵپشتیکردنی حکومەتی کوردستان لەپشت بەهێزی یانەی هەولێرەوەیە

عەدنان درجال یەکێك بوو لە باشترین یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق لە هێڵی بەرگری لە هەشتایەکان توانی چەندین دەستکەوتی گەورە وەکو یاریزان لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بە دەست بێنیت و بە (هێزی بەرگری وەکو یاریزان و بە جەنەڕاڵ وەکو ڕاهێنەر) بەناوبانگ بوو لەنێو جەماوەر لە ساڵی ١٩٩٠ وازی لە یاریکرد هێنا ڕووی لە بواری ڕاهێنەرایەتی کرد، بە پێویستمان زانی دیمانەیەك لەگەڵ ئەم یاریزان و ڕاهێنەرە بە توانایە ئەنجام بدەین لە وڵاتی قەتەر.

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی
Rebin1985@yahoo.com



*** چۆن دەڕوانیە ئاستی هەڵبژاردەی عێراق لە جامی کیشوەرەکان ٢٠٠٩؟**

- بە پێی ئەو بارودۆخەی کە بەسەر هەڵبژاردەی عێراق هات دوای کۆتایی هاتنی جامی کەنداو کە لە وڵاتی عومان بە کۆتا هات و ئەو فشارە بەهێزە خرایە سەر هەڵبژاردەی عێراق لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی عێراق و گۆڕانی چەندین ڕاهێنەر لە هەڵبژاردەی عێراق و هێنانی ڕاهێنەری تازە کە ماوەیەکی کورت مابوو لە دەستپێکردنی پاڵەوانیەتی جامی کیشوەرەکان و پێکانی چەندین یاریزان و چەندین هۆکاری تر ئەم هەموو شتە کە بەسەر هەڵبژاردەی عێراق هات، کەچی هەڵبژاردەی عێراق توانی ئەنجامێکی باش بە دەست بێنێت و ئاستێکی باش نیشان بدات، هەڵبژاردەی عێراق چەندین سوودی لەم پاڵەوانتیە وەرگرت کە بریتی بوون لە یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق بە گیانێکی بەرز یارییان دەکرد لەم پاڵەوانیەتیە بە پلانێکی توکمە یارییان دەکرد گشت ڕێنماییەکانی ڕاهێنەریان جێبەجێ دەکرد بە تایبەتی لایەنی هێڵی بەرگری کە باشترین هێڵ بوو لە هەڵبژاردەی عێراق ئەم هەڵبژاردەیە وای کرد هاندەرانی عێراق دووبارە متمانە بەم هەڵبژاردەیە بکەنەوە دوای ئەوەی هاندەرانی عێراق متمانەیان بە هەڵبژاردەی عێراق نەما لە یارییەکانی پاڵاوتنی جامی جیهانی ٢٠١٠ چوونە دەرەوە، بەڵام ئەم پاڵەوانیەتیە گشت بیروبۆچوونەکانی گۆڕی، هەروەها پەیوەندی نێوان یاریزانەکان زۆر باش بوو جیاواز لەگەڵ



پاڵەوانیەتیەکانی تر بۆیە لەم پاڵەوانیەتیە سوودی زۆر گەورەمـــان وەرگرت هەروەها یاریزانەکان لەم پاڵەوانیەتیە ئەوەیان سەلماند کە هێشتا یاریزانی بە توانـــان دەتوانن شـــتی زیاتر پێشـــکەش بە هەڵبژاردەی عێـــراق بکەن چونکە زۆر رەخنەیان لـــەم یاریزانان دەگرت کەوا ناتوانن هیچ شـــتێك پێشـــکەش بە هەڵبژاردەی عێراق بکەن، بەڵام بە ئاستیان توانیان گشـــت ئەم بۆچوونانە بگۆرن، راســـتە ئێمە نەچووینە قۆناغی دووەم ئەوەش بۆ بێ چانســـی هەڵبژاردەی عێراق دەگەڕێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی هەڵبژاردەی عێراق ئاستی زۆر باش بوو لەم پاڵەوانیەتیە.

*** بـــەڵام رۆژنامەکان و راهێنـــەر و یاریزانەکان لە ناوەی عێراق رەخنەیەکی زۆریان ئاراســـتەی هەڵبـــژاردەی عێراق کرد کـــە نەیتوانییە بگاتە قۆناغی دووەم، تۆ چۆن وەڵامیان دەدیەوە؟**

- ئەوەی راستی بێت رۆژنامەکان و راهێنەرەکان پێش دەستپێکردنی پاڵەوانیەتی جامی کیشوەرەکان هێرشـــێکی توندیان کردە سەر هەڵبژاردەی عێراق بە بێ هۆ، بە داخەوە دەبوایە لە هەموو لایەکەوە کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ هەڵبژاردەی عێراق برەخسێنن بۆ ئەوەی ئاستێکی باشتر نیشان بدەن، هەتـــا راهێنەرەکانیش رەخنەیەکـــی توندیان لە راهێنەر بۆرا گـــرت دەیانگۆت راهێنەرێکی بێ توانایە و راهێنانی بێ ســـوودە هیچ سوودێکی بۆ یاریزانـــەکان نییە و هەزار شـــتی تر کە کە راهێنـــەرەکان باســـیان دەکرد، بـــەڵام لە کاتی دەســـتپێکردنی پاڵەوانتیەکە هەڵبژاردەی عێراق دوو یاری یەکجار بەهێزی ئەنجامدا یەکەم یاری لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەفریقیای باشـــوور خاوەن مێـــوان و چەندیـــن یاریزانی بـــە توانای تێدایە و زۆر بەهێـــز یاری دەکرد و یـــاری دووەمیش لەگـــەڵ هەڵبژاردەیەکی بەهێز وەکو ئیســـپانیا یاریکرد هەموومان دەزانین هەڵبژاردەی ئیسپانیا تیپی یەکەمە لەســـەر جیهان لـــە هەردوو یاری ئاســـتێکی بەهێزیان نیشـــان دا، تەنیا لە هێڵی هێرشـــبەر کەموکوری هەبوو،لە یاری ســـێیەم لەگەڵ هەڵبژاردەی نیوزلەنـــدا لە گێمی دووەم ئاســـتێکی باشیان نیشـــان دا، بەڵام بەهۆی لە دەستدانی چەندین هەلی ئاسان نەیانتوانی یارییە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێ بێنن، بۆیە بە بۆچوونی خۆم ئەم هێرشـــە توندەی راهێنەرەکان و رۆژنامەکان بۆ ســـەر هەڵبژاردەی عێراق بێ مانا بوو.

*** ئایـــا لەگەڵ نوێکردنەوەی بۆندی راهێنەری هەڵبـــژاردەی عێراقـــی بۆرای بۆ ئـــەوەی تا ماوەیەکی درێـــژ خایەن لەگـــەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەردەوام بێت؟**

- ئەوەی راســـتی بێت بۆچوونـــی من لەگەڵ گشـــت بۆچوونەکانی تـــر جیـــاوازە بۆیە من لەگـــەڵ نوێکردنـــەوەی بۆنـــدی بـــۆرا نیمە، هەڵبژاردەی عێراق پێویســـتی بـــە راهێنەرێکی تازەیە، بەڵام عێراقـــی نەبێت، من راهێنەرێکی هۆڵەندیم پاڵێوراو کرد بۆ ئەوەی ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق کە پێشـــتر راهێنەری یانەی ئەیاکس ئەمســـتردامی هۆڵەندی بووە، ئەگەر بۆندێك لەگەڵ هەر راهێنەرێك مۆربکەیت ئەوە پێویستی بە پارە هەیە، راهێنەر بە تەنیا ناتوانێ ســـەرکەوتن لە کارەکەی بە دەســـت بێنێت دەبێ هەمـــوو لایەك هەوڵ بدات کـــەش و هەوایەکی باش بۆ ئەوە راهێنەرە دروســـت بکات بۆ ئەوەی بتوانێ کارەکانی خـــۆی راپەرێنی،بۆیە دەبێت راهێنەرێکـــی تـــر بهێنین کەوا کەســـایەتێکی بەهێزی هەبێت گشت بوارەکانی سەرکەوتووی بۆ دابین بکرێـــت بۆ ئەوەی بتوانێ هەڵبژاردەیەکی تازە دروست بکاتەوە کە پێك بێت لە هەندێك لەو یاریزانانەی ئێستای هەڵبژاردەی عێراق لەگەڵ چەند یاریزانێکی لاو یاخـــود یاریزانانی خولی پلە نایابەکانی عێراق، دەبێ هەر لە ئێستاوە کار بۆ جامی ئاســـیای (٢٠١١) کە وڵاتی قەتەر ئەنجام دەدرێت بکرێت بۆ ئەوەی ئەنجامی باشتر بە دەست بێنین.

*** هۆکاری چییـــە دژی نوێکردنەوەی بۆندی بۆرای لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق؟**

- ئێمە پێویســـتیمان بە راهێنەرێکی لاو هەیە بۆ ئەوەی هەڵبژاردەیەکی بەهێز پێك بێنێت و هەروەها راهێنەرێکی بە توانا بێت کەسایەتیەکی بەهێزی هەبێت لە نێو یاریزانەکان دەبێت لە نێو عێراقیش کارەکان بـــکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردەیەکی بەهێز بۆ دوا رۆژ دروست بکات دەبێت گۆڕانکاری لە نێو هەڵبژاردەی عێراق بکرێت.

*** ئایـــا بڕیـــاری راهێنەر رازی شنێشـــل لە جێهێشـــتنی هەڵبژاردەی عێراق لەم کات و ساتە ناسکەدا راست بوو؟**

- رازی شنێشل کە هەستی کرد ناتوانێ لەگەڵ راهێنەر بۆرا بەردەوام بێت بڕیاری دا هەڵبژاردەی عێراق جێبهێڵێ یەکســـەر کۆتایی بە کێشـــەکە هات، بۆیە نابێت ئەم کێشـــەیە زیاد لە قەبارەی خۆی بانگەشـــەی بۆ بکرێت و گەورە بکرێت، هەڵبژاردەی عێراق نە لەســـەر رازی شنێشـــل رادەوستێ نە لەسەر بۆرا رادەوستێ یاخود لەسەر یاریزانێك رادەوســـتێ لە هەڵبـــژاردەی عێراقە، ئێمە هیوادار بووین رازی شنێشـــل لەگەڵ بۆرا بەردەوام بێت چونکە رازی شنێشل زانیارییەکەی تەواوی لەســـەر یاریزانـــەکان هەیە، بەڵام ئەمە بڕیاری راهێنەر رازی شنێشـــل بـــوو دەبێ رێز لـــە بڕیارەکەی بگیرێـــت و یەکێتی تۆپی پێی عێراق رێزی لە بڕیارەکەی گرت، بەڵام بەداخەوە ئەو قســـانەی کە دوای جامی کیشوەرەکان کرا نەدەبوایە ئەم قسانە بکرێت، چونکە ئەم کێشەیە ئەوەندە گرنگ نییە تاوەکو ئەو هەموو قســـە و باسەی لەسەر بکرێت.

*** بـــە بۆچوونی خۆت هەڵبـــژاردەی عێراق لە لایـــەن حکوومەتەوە یاخـــود وەزارتی وەرزش و لاوانی عێراق وەکو پێویست پاڵپشتی دەکرا؟**

- ئەوەی راســـتی بێت ئەرکە لەسەر حکوومەتی عێراق پاڵپشتی هەڵبژاردەی عێراق بکات چونکە ئـــەم هەڵبژاردەیە بە ناوی عێراق بەشـــداری لە پاڵەوانیەتیـــەکان دەکات، نـــەوەك دژایەتی ئەم هەڵبژاردەیە بکرێت تەنیا بەهۆی چەند کەســـێك یاخوود بەهۆی کورســـی یەکێتـــی تۆپی پێی عێراق ئەمانە هەمووی هەڵەیە.

*** رۆژنامەکانی عێراق پێش دەستپێکردنی جامی کیشوەرەکان و پاش کۆتایی هاتنی ئەم پاڵەوانیەتیە هێرشێکی توندیان کردە سەر هەڵبژاردەی عێراق، ئایا ئەمە هێرشە توندە بۆ هەڵبژاردەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق ناگەڕێتەوە؟**

- بەداخەوە پێش دەست پێکردنی جامی کیشوەرەکان رۆژنامەکان زۆر بایەخیان بە هەڵبژاردەی عێراق نـــەدەدا ئەگەر بایەخیشـــیان پـــێ بەدابایە ئەوە هێرشیان دەکردە سەر هەڵبژاردەی عێراق، دەبوایە راگەیانـــدن لە عێراق پەیوەندی بە هیچ شـــتێك نەبێت تەنیا پشـــتگیری لـــە هەڵبژاردەی عێراق بکـــەن، نەوەك بەهـــۆی هەڵبژاردەکانی یەکێتی تۆپی پێـــی عێراق بەهۆی چەند کەســـێك ئەو هێرشە توندە بکرێتە سەر هەڵبژاردەکەمان، ئەمە هەڵبژاردەی عێراقە پێویستی بە پشتگیری هەیە لە هەموو لایەکەوە و ئەرکی هەمووانە پشتگیری ئەم هەڵبژاردەیە بکەن، ئەوەی پشتگیری ناکات ئەوە عێراقی نییە ئەوجا هەر چ کەسێك بێت.

*** چۆن دەڕوانیە هەڵبژاردنەکانی یەکێتی تۆپی پێـــی عێراق کە لـــە ماوەیەکی نزیکـــدا ئەنجام دەدرێت؟**

- سەرەتا هەر لە ئێستاوە پیرۆزبایی لەو کەسانە دەکەین کە لەو هەڵبژاردنە سەرکەوتن بە دەست دێنن، ئەم کەسانەش دەبێ کار بۆ پێشخستنی تۆپی پێی لە عێراق بکەن، گشت هەڵەکان راست بکەنەوە کە لە رابردوو روویدا، پاشان خوێندنەوەیەکی تەواو لەسەر هەڵبژاردەی عێراق بکرێت لە هەموو لایەنێکەوە بۆ ئەوەی بتوانین گشت هەڵەکان دیاری بکەین و چارەسەری بکەین، پاشان پێش دەستپێکردنی هەر پاڵەوانییەتییەك دەبێ هەڵبژاردەکانی عێراق خۆ ئامادەکردنێکی باش ئەنجام بدات و ئۆردوگای مەشقی بۆ دابین بکرێت و چەندین شتی تر، هەروەها دەبێ خولی عێراق بەهێز بکرێت و پاڵپشتی یانەکان بکرێت و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی یاریگای تازە لە عێراق دروست بکرێت، ئەمانە هەمووی ئەرکی ئەو ئەندامانەیە کە لە هەڵبژاردنەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق سەرکەوتن بە دەست دەهێنن.

*** هۆکاری چ بوو ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراقت رەتکردەوە دوای کۆتایی هاتنی جامی کەنداو؟**

- ئەوەی راستی دوای ئەوەی جامی ئاسیا کۆتایی پێ هات یەکێتی تۆپی پێی عێراق پەیوەندی پێوە کردم بۆ ئەوەی ببمە راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق، بەڵام من رازی نەبووم هەروەها دوای جامی کەنداویش دووبارە پەیوەندیان پێوە کردووەمەوە بۆ ئەوەی ببمە راهێنەر من رازی نەبووم، هۆی رازی نەبوومم بۆ چەند هۆکارێك دەگەرێتەوە، لەم هۆکارانە من لە تۆپی پێی عێراق دوورم دەبوایە بگەرێمەوە عێراق بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم هەڵبژاردەیە کار بکەم، ئاگاداری خولی عێراق نیمە و چەندین شتی تر کە بارودۆخەکە بۆ من باش نەبوو تا ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق وەربگرم لەم قۆناغە، چەندین کێشە هەیە لە نێوان یەکێتی تۆپی پێی عێراق لە لایەك و وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق و لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق لە لایەکی ترەوە ئەم کێشانە کارگێرییەکی زۆر خراپی لەسەر هەڵبژاردەی عێراق هەبوو، بە گشتی لە نێو هەڵبژاردەی عێراق کێشەی زۆر گەورە هەبوو بە بوونی ئەو هەموو کێشەیە نەم توانی لەگەڵ هەڵبژاردەکەم کار بکەم، دەبوایە ئەو هەموو کێشەیە چارەسەر بکرابایە ئینجا ئەم ئەرکەم قبوڵ دەکرد، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم هەموو کێشەیە،دوای کۆتایی هاتنی جامی کەنداو من بە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراقم گوت: ئەگەر هیچ راهێنەرێکی بیانی ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق قبوول نەکرد و گەیشتینە ئەو قۆناغەی کە هیچ چارەسەرێك نییە، ئەو کاتە من ئامادەم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق کار بکەم، رازی نەبوونم بە ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی بەهیچ شێوەیەك بۆ پارە ناگەرێتەوە.

*** بۆ بواری راهێنەرایەتی بە یەکجاری جێهێشت؟**

- بڕیارمدا بە یەکجاری بواری راهێنەرایەتی جێبهێڵم ئەمەش بۆ پاراستنی ناوی عەدنان درجال و مێژووی عەدنان درجال، چونکە هەستمکرد ئێستا گشت یانەکان لە قەتەر راهێنەری بیانی دێنن و بایەخ بە راهێنەری عەرەب نادەن، منیش لەگەڵ هیچ راهێنەرێکی بیانی خۆم بە کەمتر نازانم بۆیە وا باشتر بوو ئەرکی راهێنەرایەتی بە یەکجاری جێبهێڵم.

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی یانەی هەولێر؟**

- ئەوەی راستی بێت من سەیری خولی عێراق ناکەم، تەنیا ئەوە نەبێت سەیری یاری نێوان هەولێر و زەوراء کرد، یانەی هەولێر یاریزانی زۆر بە توانا لەم یانەیە یاری دەکات، ئێستا بەهێزترین یانەیە لە عێراق، چونکە پاڵپشتیکی باشی دەکرێت و دەستەی کارگێری نموونەیی هەیە کە دەتوانی زیرکانە ئەم پاڵپشتیە بە باشترین شێوە بۆ بەرژەوەندی یانەکەی بەکار بێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی تیپێکی بەهێز دەتوانی رکابەری گشت پاڵەوانتیەکان بکات.

*** بەڵام لە عێراق یانەی هەولێر وەکو یانەی رەشید سەیر دەکرێت، تۆ چۆن دەڕوانییە ئەم قسانە؟**

- ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە هەر یانەیەك پاڵپشتیەکی بەهێزی هەبێت و دەستەیەکی کارگێری نموونەیی هەبێت دەتوانی وەکو یانەی هەولێر بکات و یاریزانی بە توانا بۆ ریزی یانەکەی بهێنێت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتیەکی بەهێزی یانەی هەولێر دەکات، بۆیە ئەنجامەکانی یانەی هەولێر زۆر باشە و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، هیوادارم پاڵپشتی گشت یانەکان بکرێت وەکو یانەی هەولێر.

*** ئایا کۆنترۆڵکردنی خولی عێراق لە لایەن یانەکانی پارێزگاکانی عێراق ئەمە بەڵگە نییە کەوا تۆپی پێی عێراق پێش کەوتییە؟**

- ئەوەی راستی بێت ئەمە بەڵگەیەکە کە یانەکانی پارێزگاکانی عێراق پاڵپشتیەکی تەواویان دەکرێت و بایەخ بە یاری تۆپی پێی دەدرێت ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ تۆپی پێی عێراق، بەڵام ئەم پاڵپشتییە لە یانەکانی بەغدا ناکرێت بۆ نموونە یانەی زەوراء کەوا دەبینین چ کێشەیەکی هەیە بەهۆی نەبوونی پارە،بۆیە دەبێ حکوومەت پاڵپشتیەکی تەواوی یانەکان بکات یاخود گشت یانەکان دەبێت لە لایەن کۆمپانییەکان پاڵپشتیان بکرێت و بکرینە یانەی پیشەگر.

*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤارەکەتان دەکەم کە منتان بەسەر کردەوە و هیوادارم جەماوەری وەرزشی عێراق پاڵپشتی لە هەڵبژاردەی عێراق بکات، هەڵبژاردەکەمان بگرێتەوە ئاستی جارانی خۆی ئەم کێشە و گرفتانە کۆتایی پێ بێت.



## عەدنان درجال کێیە؟

**ناو:** عەدنان درجال مەتەر

**ساڵی دایك بوون:** ١٩٥٩ لە شاری بەغدا

**شوێنی نیشتەجێ بوون:** وڵاتی قەتەر

خێزاندارە خاوەنی ٣ کور و کچکە

**ئەو یانانەی کە یاری بۆ کردوون:** یانەکانی زەوراء و تەڵەبە و رەشید

عەدنان درجال خاوەنی ژمارەی پیوانییە لە عێراق وەکو یاریزان کاتێك بەشداری لە ٣ پاڵەوانیەتی ئۆلۆمپیادی کردووە و هەروەها بەشداری لە پێنج پاڵەوانیەتی جامی کەنداوی کرد دواتر کە وازی لە یاری کردن هێنا لە ساڵی ١٩٩٢ بووە راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق وەکو کچکترین راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق لە مێژوو.

لە وڵاتی قەتەر بووە راهێنەری چەند یانەیەکی ئەم وڵاتە وەکو وەکرە، سد، عەربی، شیمال، سیلیە